# حیزبی ژنكوژ و دەسەڵاتی ژنكوژان لە كوردستان ڕیسوا كەین! ... شەماڵ علی

shemalali@yahoo. com

سالە موزەلی یەكێك لە چەكدارەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستانە. ئەم تاوانبارە لە ساڵی 1999 ژنێكی دانیشتووی شاری سلێمانی كە ناوی مهاباد عبداللە بوو كوشتو سەرەڕای گوشاری گەورەی ڕێكخراوەكانی ژنان پاش دەستگیركردنی بۆ ماوەیەكی كورت بە هۆی پەیوەندییە حزبیو شەخسیەكانیەوە لەگەڵ سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا ئازاد كرا. پاش 3 ساڵ لە 2002 جوان عبداللە خوشكێكی تری مهاباد بووە قوربانیەكی تری تاوانكاری ئەم ئەندامەی حزبەكەی سەرۆك كۆماری عیراق. چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە كوردستان ئەوە ڕاگەیەندرا كە خێزانی مهابادو جوان عبداللە لە بەرامبەر 170 هەزار دۆلار سولْحیان لەگەڵ خێزانی سالە موزەلی كردووە كە ئەمە دەرگا بۆ دووبارە ئازادكردنەوەی ئەم تاوانكارە خەتەرناكە دەكاتەوە. شایانی سەرنج و باسە كە ئەم ڕێككەوتنە بە ئیشرافی ڕاستەوخۆی وەزیری داد ئەنجامدراوە.

لە ژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشیاییو عەشیرەتی یەكێتیو پارتیدا لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوو چەندین هەزار ژن چ لە لایەن كەسو كاری خۆیانەوە چ لە لایەن تاوانبارانی وەك سالە مۆزەلیەوە كوژراون. كوشتنی ژنان بە بیانوی ناموسپەرستی هەمیشە لە كوردستانی عیراقدا هەبووە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە دوای دەسەڵات پەیدا كردنی پارتیو یەكێتییەوە بە شێوەیەكی بەرچاو زیادی كردووە. بەشێك بە هۆی ئەوەی كە ئەم دوو حزبە خۆیان لە ڕۆژەكانی سەرەتای دەسەڵاتیاندا بە شێوەیەكی نەخشەمەند كەوتنە كوشتنی ژنان. بە تەوجیهی ڕاستەوخۆ لە لایەن سەركردایەتی ئەم حزبانەوە بۆ چەكدارەكانیانو بە دەستی چەكدارەكانیان دەیان ژن بە بیانووی پەیوەندی لەگەڵ ڕژیمی بەعس تیرۆر كران. ئەمە لە كاتێكدا كە هەموو پیاوانی سەر بە ڕژیمی پێشوو سەرەڕای ئەوەی بەشێكیان لە حەملەی ئەنفالەكاندا بەشدارییان كردبووو تاوانیان بە حەقی خەڵكی مەدەنی لە كوردستان ئەنجامدابوو لە ریزەكانی ئەم حزبانە جێیان كرایەوەو تا ئێستاش هەندێكیان دەسەڵاتیان هەیە. زۆر لەو ژنانەی كە لە لایەن ئەم حزبانەوە تیرۆر دەكران تەنها بە بیانووی هەبوونی پەیوەندی سێكسی لە دەرەوەی زەواج ئەم تاوانە دەرحەقیان ئەنجام دەدرا.

كاتێك دەسەڵات ڕەشەكوژی ژنان مومارەسە دەكات هیچ شتێك لەوە ئاسایی تر نابێت كە فەرهەنگی كۆمەڵگا بەم تاوانكارییە دڵڕەقانەیە بار بێت وژنان وەك ئامانجێكی ئاسان بۆ كوشتنو سەربڕین دابنرێن. لە سایەی ئەم موماراساتە كار بە جێگایەك گەیشتووە لە كوردستان ژن بە پووچ ترین بیانوو دەكرێت بكوژرێت. سالە موزەلیو هاوشێوەكانی چ وەك چەكدارو چ وەك پیاوسالارێكی هەوەسبازی نەخۆش لە كوردستان پەروەردەی دەستی حزبو جووڵانەوەكەیەتی بەو فەرهەنگەوە كە ساڵەهایە بڵاوی دەكەنەوە.

سولحی عەشایەری لە كوردستان بە هەموو مانایەك تف كردنە لە یاساو بەهاو پێودانگە مۆدێرنەكان. نێوەنجی كردنی وەزیری "دادو یاسای" حكومەتەكەی یەكێتی، ئیشرافی ڕاستەوخۆی ئەو بۆ ئەم شیوازە پرتوكاوە لە خنكاندنی عەدالەت نیشانەی پێداگریو بریاری بێگەڕانەوەی یەكێتییە بۆ پاڵپێوەنانی كوردستان بەرەو زەلكاوی دواكەوتوویی زیاتر، بەڵگەی بەربەست دروست كردنێتی لەبەردەم ڕەوتی پەرسەندنو مۆدێرن كردنی كوردستاندا. وەزیری "داد"و حكومەتەكەی یەكێتی خەریكن بەم قانونی كردنەی عورفی عەشیرەتی بە ئاشكرا دەڵێن هەركەس گیرفانی پڕە دەتوانێت بكوژێت.

بەڵام هێشتا ئەم سوڵحە بۆگەنە لەگەڵ سالە موزەلی ژنکوژدا لەو کۆنەپرستی‌یە زیاتری لە بن هەنگڵدایە. سالە موزەلی تاوانکارێکی ئاسایی نی‌یە، ئەو لە کەیسی مهابادو جواندا نوێنەری هەموو ئەو تاوانبارانەیە کە بە خوێنساردی‌یەوە ژنان دەکوژنو پاشان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچنو بگرە دەستی شانازیش بە سمێڵیاندا دەهێنن. سالە موزەلی نوێنەری قووڵترین تەحقیرە کە هەموو ڕۆژێک بە ئینسانیەتی نیوەی ڕاستی کۆمەڵگای کوردستان کە ژنانە دەکرێت. نیشانەی کردنی ژنە بە پرۆژەیەکی بەردەوام بۆ سەربڕینو خوێنڕشتنو ئەتک کردن. کاتێک پیاوی دەسەڵات لە پەنا دەسەڵاتەوە تاوان ئەنجام دەداتو پاشان دەسەڵات دەکاتە میانجیگەر بۆ سڕینەوەی تاوانەکانیو ئەم بێدادیە بە وەزیری داد شەرعیەت پێ دەدات، کۆمەڵگا لەگەڵ پەلامارێک بۆ سەر هەموو بەها ئینسانیەکانی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. گەر ئەم پیلانە سەربگرێتو تاوانکارێکی وەک سالە موزەلی بە بەرچاومانەوە ئازاد بێت، با هەموو تێکڕا فاتیحای ئازادی، بەها ئینسانی‌یەکان، ماف، یاسا، ئەمنیەتو شارستانیەت بخوێنین. لێبوردن لە سالە موزەلی حەلاڵ کردنی خوێنی هەموو ژنانی کوردستانە لە لایەن دەسەڵاتی یەکێتی‌یەوە. سوڵح لەگەڵ سالە موزەلی میدالیەیەکە یەکێتی خەریکە لە سنگ و بەرۆکی هەموو ژنکوژانی دەدات.

یەکێتیو پارتی دەبێت چەندی تر بەڵگە بدەنە دەست بۆ ئەوەی ئەم حەقیقەتە بۆ هەموو خاوەن عەقڵو شعورێک ئیسپات ببێت: کە دەسەڵات و حوکمی ئەم حیزبانە بە ڕەسمو یاسای مافیای چەقۆکێشانو لە شارستانیەت بێ خەبەران دەچێت بەڕێوەو لەگەڵ ژیان و هەناسەدانی مەدەنیەتی کۆمەڵگادا نایەتەوە.

سوڵحی عەشایەری لەگەڵ سالە موزەلی سوڵحی عەشیرەتگەرەکانەو هەرکەس لە کوردستان نایەوێت لەم ڕیزەدا بووەستێت با دەنگ بەرزبکاتەوە. سالە موزەلیو هەموو تاوانکارانی ژنکوژ دەبێت بخرێنە کونجی زیندانەکانەوە. ئازادیخوازانو بە تایبەت هەڵسوڕاوانی جووڵانەوەی ژنان دەبێت کەمپینی گەورەو هەمەلایەنە لە دژی ئەم ڕیسوایی‌یەی یەکێتی ساز بدەن. دەبێت هەموو دنیا لە سیاسەتو کردەوەی کۆنەپەرستانەی یەکێتیو پارتی دەرهەق بە ژنان ئاگادار بکەنەوەو هەموو ئەوانەی ئەم دەسەڵاتە عەشیرەتیانە بە مۆدێرنو دیموکراتو ئازاد ناو دەبەن شەرمەزار بکەن.